www.kurdistannet.org
3-4-2003 23:40

# کۆبوونەوەیەکی دیکەی فراوان (بۆ کاری هاوبەشی چەپ) بەڕێوەچوو

لە ٢٠٠٣/٣/١٥دا بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەهەڵسووڕاوانی چەپو کۆمۆنیستو ئازادیخواز، لەدرێژەی کۆبوونەوەکانی پێشوودا بۆ کاری هاوبەشو پەرەپێدانی جێگەوشوێنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چەپ لەهاوکێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆو ئایندەی عێراقداو هەروەها بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانێتی لایەنو کەسایەتییە چەپو کۆمۆنیستەکان، لەشاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکی دیکە بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەڕای هەڵبژاردنی لیژنەیەکی ١١کەسی بۆ بەدواداچوونی کارو ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەکە، بەشێوەیەکی ئازادانە خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوەیەو ئەرکەکانی داهاتووی لیژنەی کاتیو پێداگرتن لەسەر کاری عەمەلیو جدیتر تاووتوێکرانو خودی کۆبوونەوەکانو هاوڕاییو کۆدەنگی لەسەر زۆرێك لەمەسەلە حەساسەکان لەبارودۆخێکی وەك ئەمڕۆدا بەدەستکەوتێکی گرنگ پێناسەکرانو هەمووانیش خوازیاربوون دوای ئاڵوگۆڕەکانیش بەردەوامبنو فراوانتربکرێن، هەر لەو ڕووانگەیەشەوە داوا لەلیژنەی هەڵبژێردراو کرا هەواڵو باسو جیهەتی ئەم کۆبونەوانە بگەیەنێتە هەڵسووڕاوانی شوێنەکانی ترو ئەوانیش چ بەکۆبوونەوەی جیاواز لەشارو شارۆچکەکانی خۆیانو چ بە بەشداری لەکۆبوونەوەی سەرانسەری فراواندا ببن بەبەشێك لەم پرۆژەیە.

هەر لەو کۆبوونەوەدا نیشاندانی هەڵوێست سەبارەت بەهاتنی سوپای تورکیاو یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بەلیژنەی کاتی ڕاسپێردرا.

لیژنەی کاتیش لەیەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، سەرباری هەندێك کار دابەشکردنو دانانی بەرنامەیەك بۆ کارەکانی خۆی، بەو ئەنجامە گەیشت کە:

١/ پەیوەندییەکی عەمەلیو فراوان بەهەڵسووڕاوانی ئەو بوارەوە بکات لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان.

٢/ لایەنو کەسایەتییەکان بانگەوازبکات بۆ ناو ئەم پرۆژە هاوبەشە.

٣/ بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی چالاکانەتر لەگەڵ هەڵسوڕاوان، ١٥ڕۆژ جارێك بڵاوکراوەیەك بەناوی (کاری هاوبەش) دەربکات.

سەبارەت بەو ڕاسپاردەیەی کۆبوونەوەکەش لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستانو یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لیژنەی کاتی بەم جۆرەی خوارەوە هەڵوێستی خۆی دارشت:-

## یەکەم/ نا بۆ هەڕەشە داگیرکارییەکانی تورکیا

لەسەرو بەندی توندبوونەوەی کێشەی عێراقو ئەمریکاو ئاشکرابوونی نیازی ئەمریکا بۆ سازکردنی ئاڵوگۆڕی سیاسی لەدەسەڵاتی سیاسی عێراقو داگیردنیدا، تورکیاش، نیازی خۆی بۆ بەهرەمەندبوون لەو هەلومەرجە خستەڕوو بەوەی کە دێتە ناو کوردستانەوە. بۆ هێنانەدی خواستە ئابووریو سیاسییەکانی خۆیو دەیەوێت بەهرەبەرداری لە داگیرکاری ئەمریکاو بەریتانیا بکاتو ئەویش وەك یەکێك لە هێزە سەرەکییەکان، جێگاو ڕێگای لە دیاریکردنی حکومەتو سیاسەتی داهاتووی عێراقدا دەبێت.

بیانووەکانی تورکیا بۆ دەستێوەردانو داگیرکردنی کوردستان، بەتاڵنو هیچ شەرعیەتێکیان نییەو ڕاستەوخۆ بەمانای لەژێرپێنانی ئیرادەو خواستی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستانە. تورکیا بەم کارەی دەیەوێت ڕێگا لەچارەسەری کێشەی کورد بگرێتو ئاڵۆزتری بکات.

خەڵکی کوردستان مافی بێئەملاولای خۆیەتی بەشێوەیەکی ئازادانەو چارەنووسی سیاسی خۆی دیاری بکات بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت وەڵامێکی توند بەهەر دەستێوەردانێکی دەرەکی بداتەوە.

ئێمە جەماوەری کوردستانو سەرجەم ئازادیخوازانی عێراقو ناوچەکە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم سیاسەتە تەماحکاریانەی تورکیا بانگەواز دەکەین، کەبەشێك لە سیاسەتی سەوداکارانەی ئەمریکا، کە ئامادەیە بۆ هێنانەدی سیاسەتەکانی خۆی سەودا بە چارەنووسی خەڵکی عێراقو کوردستانەوە بکات. لەهەمانکاتدا ڕایدەگەیەنین کە سەرجەم ئەو پەیمانو ڕێککەوتنە نهێنیانەی لەگەڵ ئەو حکومەتەدا بەستراون، بەبێ بڕیاری خەڵکی کوردستانەو نابێت کاریان پێبکرێت.

## دووەم/ لەیادی کیمیابارانی هەڵە بجەدا، نەفرەت لەچەکی کۆمەڵکوژ دروستکەرو بەکارهێنەرانی دەکەین

٣/١٦ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، یادی یەکێك لەو ڕۆژانەیە کە بووەتە ڕەمزی دڕندەیی دەسەڵاتی بۆرژوازی.

www.kurdistannet.org
3-4-2003 23:40

١٥ساڵ لەمەوبەر لەئەنجامی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێرانو عێراقدا، ئاسمانو زەمینی ئەو ناوچەیە کەوتە بەر هێرشی ئاگرو گازی ژەهراویو لەئاکامدا کۆمەڵکوژییەکی بێوێنە رووی‌دا. تا ئەوکاتەی رژێم لەکوردستان مابوو هەڵەبجەییەکان وەك بێگانەو یاساغو راوەدوودەنران، دوای راپەرینیش کە ئەو ناوچەیە بەهاوکاری ئێران بووە ناوچەی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان ئەویش بۆمبێك بوو بەر ئەو ناوچەیە کەوتو لەکێشمەکێشی نێوان ئەوانو دەسەڵاتدا نەك هەر قەرەبووی زەرەرو زیانەکان نەکرا بەڵکو بەبەراوورد بەناوچەکانی‌تریش کەمترین کارو خزمەتگوزاری بۆکراوە.

کاریگەری چەکی کیمیایی، تەنها زەرەرو زیانی مادیو گیانی‌نەبوو بەڵکو کاریگەری مەترسی‌دارو بەردەوام لەسەر نەسڵی ئەو خەڵکەیە. ئامارەکانو لێکۆڵینەوەکان نیشانی‌دەدەن کە بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیاییەوە رێژەی شێتبوون، لەبارچوونی منداڵ، شێواوی، نەخۆشییەکانی پێستو چەندین نەخۆشی دیکە لەو ناوچەیەدا، بەشێوەی بەرچاو زیادیان کردووە.

ئەمڕۆ ئێمە لەکاتێکدا یادی ئەو کارەساتە دەکەینەوە کە مەترسی کارەساتێکی‌تر بەهۆی شەڕی ئەمریکاو ئەگەری دەستوەشاندنی رژێمەوە، بەرێوەیە.

ئەمڕۆ لەیادی هەڵەبجەدا، لەهەموو شتێك زیاتر رووبەڕووی ئەوەین مەترسییەکانی دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتانە دوور بخەینەوە. ئەمریکاو ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی بەناوی رووخاندنی رژێمو رژێمی بەعسیش بەناوی پارێزگاری لە گەلو نیشتمان، خەریکە ئەم وڵاتە دەکەن بەگۆمی خوێن، ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە خەباتکاری سەرسەختی رووخاندنی رژێمی بەعسینو ئەو رژێمە بە زیادەیەکی زیانبەخش لەسەر جەستەی ئەم کۆمەڵگایە دەزانینو بۆ لابردنی تێدەکۆشین، هاوکات بە دوو دەلیلی زۆر سادە شەڕی ئەمریکاش رەتدەکەینەوە" یەکەم: لەبەرئەوەی کارەساتی ئینسانی گەورەو مەترسی‌دار بەشوێن خۆی‌دا دێنێتو دووەم: لەبەرئەوەی ئەمریکا لەجێی رژێمی بەعس رژێمێکی دیکەی سەربەخۆی دادەنێتو بەکردەوە رێگا لەخەڵکی عێراق دەگرێت حکومەتێکی ئازادو سەربەخۆ دابمەزرێنێت.

رژێمی بەعس لەرێگەی چەوساندنەوەی کرێکارانو پێشێلکردنی مافەکانی ژنانو منداڵانو ستەمی نەتەوایەتیو زەوتکردنی ئازادییە سیاسیو مەدەنییەکانەوە دڕندەییو دیکتاتۆریەتی خۆی بەرێوەبردووە، ئەمریکاو ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی هیچ بەرنامەو پرۆژەیەکیان بۆ کۆتایی‌هێنان بەو کێشەو گرفتە سیاسیو کۆمەڵایەتییانە نەخستۆتەروو تەنها کاریان بووە بەوەی دەسەڵاتێك لەجێی رژێمی بەعس دانێن. ناتوانن مەترسییەکانی کارەساتی لەبابەتی هەڵەبجە دووربخەنەوەو لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیاندا، دوورنیە دووبارەی‌بکەنەوە.

بۆ دوورخستنەوەی مەترسی ئەو جۆرە رووداوانە پێویستە رێگایەکی شۆڕشگێرانە هەڵبژێرینو داوای دادگایی‌کردنی تاوانبارانی کارەساتی هەڵەبجە بکەین.

**هەڵسووڕاوانو لایەنو کەسایەتییە چەپو کۆمۆنیستو ئازادیخوازەکان:**

بەمەبەستی پەرەپێدانی دۆستایەتیو هاوپەیمانیو بەرهەمهێنانی کاری هاوبەشو بەهێزکردنی جێگەوشوێنی بزووتنەوەکەمان لە هاوکێشە سیاسەکانی ئەمڕۆو ئایندەی عێراقو کوردستاندا، داوادەکەین بەشداریو هاوکاریمان بکەن لەو پرۆژەیەی کە ئێمە تەنها هەنگاوی یەکەمیمان هەڵهێناوە.

**لیژنەی کاتی کاری هاوبەشی چەپ**

**٢٠٠٣/٣/١٧**

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣